# تیۆرەکانی فێربوون

پۆلی دووەمی بەشی ڕێنمایی پەروەردەیی و دەروونی

ئامادەکردنی د.شەوبۆ شمس الدین سلیمان

# پێشەکی

- فێربوون بۆ زۆرێک لە بارودۆخەکانی ژیان بەپێویست دادەنرێت و بنەمایە بۆ ڕوونکردنەوەی زۆر لایەنی ڕەفتاری ئاسایی و نائاسایی مرۆڤ
- بە ئامرازێک دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی زانست و لێهاتوویی تاک
- خوو و مەیلی ڕەفتاری خۆی پێکبهێنێت و مرۆڤایەتی خۆی بەدەستبهێنێت. هیچ چالاکییەکی مرۆیی نییە کە لە فێربوون بێبەش بێت،
- پرۆسەیەکی بنەڕەتییە لە ژیاندا کە لەگەڵیدا دەڕوات و درێژدەبێتەوە، بە درێژبوونەوەی،
- کۆمەڵگاي مرۆیی تەنیا لە ڕێگەی فێربوونەوە دەتوانێت پێشبکەوێت، هەر نەوەیەک سوودی لێ وەرگرتووە پێشووتر وئەزمونەکانی خۆی گواستۆتەوە بۆ نەوەکانی داهاتودا بە هۆی فیربوونەوە

# تیۆرەکانی فیربوون

- تیۆرەكاني فيربوون (نظريات التعلم - Learning theories) کۆمەڵێک تیۆرییە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە لایەن هەندێک قوتابخانەی فەلسەفییەوە پەرەی پێدراوە، کە لە ڕوانگەی هەر قوتابخانەیەکی فەلسەفییەوە بە جیا لە خەمی ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە دیاردەی فێربوون بوون
- تا ئێستاش ئەم تیۆریانە لە لێکۆڵینەوەدان و ڕەخنەیان لێگیرا بە مەبەستی سەلماندنیان یان پەرەپێدانیان زیاتر

# فێربوون (التعلم):

- فێربوون بریتییە لە پرۆسەیەکی گۆڕانی نیمچە هەمیشەیی لە ڕەفتاری تاکدا، کە ڕاستەوخۆ تێبینی ناکرێت بەڵکو دەتوانرێت لە ئەدای یان ڕەفتاری تاکەکەسەوە دەربکەوێت، لە ئەنجامی پراکتیکەوە

- فیربوون لة پرۆسەی ڕەفتار و مەعریفی کە لە ئەنجامی کارلێککردنیان لەگەڵ ژینگەی فیزیکیدا و کۆمەڵایەتیدا لە تاکەکاندا ڕوودەدات

# فيركردن ( التعليم):

- بريتييه له پرۆسەی گواستنەوەی زانست، يان ڕەفتار له كەسێكەوه بۆ كەسێكی تر. پەروەردە ياخود فێركردن دەتوانێت له چوارچێوەيەكی فەرميدا ڕووبدات، وەک قوتابخانه، يان له چوارچێوەيەكی نافەرميدا، وەک ماڵەوه يان شوێنی كار.
- هەروەها پەروەردە بريتيه لەو پرۆسەيە ڕێكخراوەی كه مامۆستا پراكتيزەی دەكات به ئامانجی گواستنەوەی زانياری و زانياری له مێشكيدا بۆ ئەو فێرخوازانەی كه پێويستيان بەو زانياری هەيه، بۆيه بۆمان دەردەكەوێت كه پرۆسەی پەروەردە ئەم توخمانەی خوارەوه لەخۆدەگرێت:

# توخمەکانی پەروەردە یان فیربوون (عناصر التعليم)

١. چالاکیەک یان پرۆسەیەک کە بتوانێت چاودێری بکرێت و پەیڕەو بکرێت

٢. کارلێکی زارەکی لە نێوان دوو کەس یان زیاتر.

٣. ئامانجێکی تایبەتی هەیە کە پەیوەندی بە هێنانەدی فێربوون یان گۆڕانکاری لە ڕەفتاری فێرخوازدا هەیە.

•

# جیاوازی نێوان فێرکردن و فێربوون

١. فێربوون لە هەر کاتێکدا و لە هەر شوێنێکدا بەردەستە، بە پێچەوانەی پەروەردە کە پەیوەستە بە کات و شوێنەوە، وەک خوێندن لە قوتابخانەکاندا.

٢. فێربوون تەنها بۆ تاکي فێرخوازە، لەکاتێکدا پەروەردە بۆ هەندێک قۆناغە و لە هەندێک قۆناغدا دەوستێت.

٣. فێربوون تەنها بۆ فێرخوازە بەبێ بوونی مامۆستا، لەکاتێکدا پەروەردە پێویستی بە ئامادەبوونی دوو لایەن هەیە و پرۆسەی پەروەردەش بەئامادەبوونی مامۆستا و فێرخواز دەبێت

٤. فێربوون بەپێی بارودۆخ، یان ئەزموونەکان دەگۆڕێت، لەکاتێکدا پەروەردە جیگیرە واتە هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا نییە.

# جیاوازی نێوان فێرکردن و فێربوون

- ٥ - فێربوون چالاکی و پرسیاری نییە، وەک ئەوەی لە پرۆسەی پەروەردەدا هەیە کە تاقیکردنەوە و پرسیار و چالاکیی هەیە.
- ٦ - فێربوون هەندێک جار ناخۆیی یان خوییە ، بەڵام پەروەردە ناخۆییە، چونکە زانیاری لە مامۆستا وەردەگرێت.
- ٧ - فێربوون تەنیا پێویستی بە بوونی فێرخوازە، لە کاتێکدا پەروەردە پێویستی بە بوونی هەموو توخمەکانی پرۆسەی پەروەردە هەیە.

# مەرجەکانی فیربوون

- فێربوونی ئامانجدار بەبێ هەندێک مەرج ڕوونادات، مرۆڤ لە هیچ قۆناغێکی ژیانیدا توانای فێربوونی هیچ شتێک نییە، بەڵکو فێربوونی باش دەبێت هەندێک مەرج لەبەرچاو بگرێت ئەو مەرجانەش بریتین لەمانەي خوارەوە

١) پێگەیشتن

٢) پاڵنەر

٣) پراکتیک

# أ-  پێگەیشتن

- بە مەرجی یەکەم دادەنرێت بۆ فێربوونی ئامانجدار، پێگەیشتن هەندێک جار بە واتای گەیشتن بە دۆخێکی تەواوی گەشەکردنە، یان ئەو پرۆسەیەی کە زیندەوەران بەهۆیەوە دەگاتە دۆخێکی تەواوی گەشەکردن. ئەم پێگەیشتنە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی ئۆرگانیکی ناوەکی زیندەوەران و هۆکارەکانی ناگەریتەوە بۆ  فێربوون و بەدەستهێنان

# پەیوەندی نێوان پێگەیشتن و فێربوون:

١. ئەو گۆڕانکاریانەی لە کاتی پێگەیشتن ڕوودەدەن بەهۆی هۆکاری ناوخۆییەوەیە، لە کاتێکدا ئەو گۆڕانکاریانەی لە فێربووندا ڕوودەدەن بەهۆی هۆکاری دەرەکییەوەیە.

٢. فێربوونی بابەتێکی دیاریکراو بەندە بە پێگەیشتنی سیستەمی فیزیکی و ئەرکە مەعریفیەکان (عەقلیەکان) کە بەرپرسیارن لە ئەدای تاک لە فێربوونی ئەم بابەتەدا.

٣. تەنها پێگەیشتن بەس نییە بۆ ئەوەی فێربوون ڕووبدات، بەڵکو دەبێت مەرجی پراکتیک و ئەزموون جێبەجێ بکرێت.

# ب- پاڵنەر

- ئەو وزانەن کە لە زیندەوەراندا هەن و پاڵیان پێدەنێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دیاریکراو(بینراو) ڕەفتار بکات. لە ڕاستیدا تاکە کەس ناتوانیت بەبێ پاڵنەرێکی دیاریکراو فێر بیت

# ئەرکەکانی پالنەر

- سەبارەت بە ئەرکی پاڵنەر لە فێربووندا، سێ ڕەهەندییە، ئەم رەهەندانەش کارەکانی پالنەر دیار دەخات



# ج - پراکتیک

- یەکێکە لەو مەرجانەی فێربوون ڕوودەدات، بەو پێیەی فێرخواز دەبێت ئەوەی فێری دەبێت پراکتیزە بکات، بە دووبارەکردنەوەی ئەو ڕەفتارە نوێیە تا دەتوانێت شارەزا بێت.

# تیۆر- بیردۆز (النظرية)

- بریتییه له کۆمەڵێک بنەما و بیرۆکه که هەوڵی ڕوونکردنەوەی دیاردەیەکی دیاریکراو یان کۆمەڵە دیاردەیەک دەدات.

# سوودەکانی تیۆر-بیردۆز (فوائد النظرية)


- **ڕوونکردنەوە:** تیۆرییەکان یارمەتیدەرن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دیاردانەی کە ڕەنگە تێنەگەیشتن یان دووفاقی بن.
- **پێشبینی:** تیۆرییەکان یارمەتیدەرن بۆ پێشبینیکردنی ئەوەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا چی ڕووبدات.
- **ڕێنمایی:** تیۆرییەکان یارمەتی ڕێنماییکردنی توێژینەوەی زانستی و پراکتیزە کارپێکراوەکان دەدەن.

# پۆلین کردنی تیۆرییەکانی فێربوون

- **تیۆرییەکانی فێرکردنی رەفتاری** : تیشك دەخاتە سەر پیکهاتەی ژینگە لە وروژینەرەکان و وەلامدانەوەیان لە ژینگەدا لە ریگەی بەیرەو کردنی چەندین یاسا و ستراتیژیەتی دیاری کراو کەوال کاریگەری هەیە لە فیربوونی تاکەکەسدا.

- **تیۆرییەکانی فێرکردنی مەعریفی** : تیشک دەخاتە سەر پێکهاتەی مەعریفی فێرخواز و چۆنیەتی بنیاتنانی و ناساندنی بە زانیاری نوێ لەڕێی چەندین ستراتیژی مەعریفی جۆراوجۆرەوە..

- **تیۆری فێرکردنی کۆمەڵایەتی** : تیشک دەخاتە سەر ئەو چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەی کە فێربوون تێیدا ڕوودەدات، وەک ژینگەی دەوروبەر، هەڵسوکەوت، هاندان و پێویستیەکان.


نظريات التعلم وعلمائها
نظرية الاقتران
جاثري
التعلم اللفظي
آوزبل
قانون التكرار
واطسون
التعلم الشرطي
بافلوف
النظرية المعرفية
بياجيه
التعلم الاكتشافي
برونر
التعلم الإجرائي
سكنر
الاستبصار
كوهلر
التعلم الاجتماعي
باندورا
التعلم بالمحاولة والخطأ
ثورندايك

# تیۆرەکانی فیربوون

## رەفتاری (السلوکیة)
(جەخت لەسەر رولی رەفتار دەکەنەوە لە فیربوون)

جەخت لەسەر ئەرکەکانی رەفتار دەکاتەوە

فیربوون لە ئەنجامی پەیوەندی نیوان وروژینەرو هەندیك وەلامدانەوەی ژینگە روو دەدات

**پیشەیی (کارایی) الوظیفیة**

هەولدان و هەڵەکردن
المحاولة و الخطأ
ادوارد ثورندایك

پالنەر
الحافز
كلارك هل

فیربوونی کرداری
التعلم الاجرائي
بروس اف سكنر

**پەیوەندی الارتباطیه**

مەرجداري كلاسيك
ايفان بافلوف

پەیوەندي
جون واطسن

پەيكەتوو بەستن
ادون جثري

## مەعريفي
جەخت دەکاتە سەر لایەنی مەعریفی لای تاکەکەس بو فیربوون وەك بیرکردنەوە و پیشبینی کردن و بریاردان و پلاندانان

گشتەلت
ماکس وریثمایر-لفلانج کوهلر-کیرت کوفکا-کورت لیفین

**گەشەکردنی مەعریفی (جان بیاجیه)**

**پرۆسێسینگکردنی داتا (معالجه المعلومات)**

فيربوني مەبەستدار
التعلم القصدي
ادوارد تولمان

# تیۆرەکانی فێربوونی رەفتاری
# تیۆری بافلۆف (تیۆری مەرجداری کلاسیکی)

- خاوەنی ئەم تیۆره زانای دەروونزانی ڕوسی ئیڤان بافلۆفه، ئەوەی شایەنی باسه بافلۆف لەپڕ بیرۆکەی ئەم تیۆرەی دۆزییەوە ئەویش لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی لەسەر پڕۆسەی هەرسکردن لەلای سەگ. ئەم تیۆرەش بووە هۆی ئەوەی گۆڕانکاری گەورە بەسەر پڕۆسەی فێرکردن و فێربووندا بێت.
- بیرۆکەی تیۆری بافلۆف بەناوی (فێربوونی مەرجی) ناسراوە واتە بوونەوەر (مرۆڤ یان ئاژەڵ) وەڵامدانەوەی بۆ وروژێنەرە جیاجیاکان دەبێت بەهۆی هاوشانبوونی لەگەڵ وروژێنەرەی تر کە لە بنەڕەتدا کاریگەری لەسەر وروژاندنی ڕەفتار هەیە لەکاتی ڕوودانی.

# تاقیکردنەوەی بافلۆف

- بافلۆف تاقیکردنەوەکانی بەشێوەی سەرەکی لەسەر سەگ ئەنجام دەدا بۆ ئەوەی (فێربوونی مەرجی) بخاتەڕوو، شێوازی تاقیکردنەوەکەشی لەڕێگەی پێوانی ڕێژەی ڕژانی لیکی سەگ بوو لەکاتی پێدانی خواردن بۆی، بەڵام ئەوەی بافلۆف لە تاقیکردنەوەکەدا ئەنجامی دەدا لەکاتی پێدانی خواردن بۆ سەگەکەی هاوشانکردنی زەنگێک بوو، واتە بافلۆف هەڵدەستا بە لێدانی زەنگ بەچەند چرکەیەک پێش ئەوەی خواردن بە سەگەکە بدات وە لە کاتی پێدانی خواردن ڕێژەی لیکی سەگەکەی دەپێوا بۆ ئەوەی رادەی وەڵامدانەوەی سەگەکە بپێوێت بۆ وروژێنەرە سروشتیەکە کە ئەویش خواردن بوو وە پاش چەندین تاقیکردنەوە، بافلۆف هەڵدەستا بە لێدانی زەنگ بەبێ ئەوەی خواردن بەدوایدا بێت، بینی سەگەکە وەڵامدانەوەی بۆ زەنگەکە (وروژێنەری مەرجی) هەیە بەڕژانی لیکی، لە دەرەنجام بۆی دەرکەوت بوونی وروژێنەرێکی (مەرجی) بە هاوشانی لەگەڵ وروژێنەرێکی (سروشتی) لەپاش دووبارەبوونەوەیان وروووژێنەری (مەرجی) هەمان کاریگەری وروژێنەری (سروشتی) دەبێت.

- تەواوکەری ئەم بابەتە لە وانەییکی تر دەبیت